کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-10-2007 22:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**هەولێرێکی سەیرە گوڵم! عبدولخالق مەعروفی هەیەو، مەلاعەبدولخالقیش!! ... تاڤگە سابیر**

دێن بۆن بە دەمتەوە دەکەن
نەکا ڕۆژێ ووتبێتت خۆشم ئەوێی

ڕۆژگارێکی سەیرە گوڵم!

لە قەسیدەیەکی دووروودرێژی شاعیری گەورەی ئێرانی و جیهانی، شاعیری مرۆڤدۆست و مرۆڤپەروەر



(ئەحمەدی شاملو) تەنیا ئەم کۆپلە بچوکەی سەرەوەم بیرکەوتەوە، ناشزانم هەڵەی تیایە یان نا، بەڵام لە ناوەڕۆکەکەدڵنیام، کە بە وێنەشیعرییە سحراوییە جوانەکانی، وەسفی سەیروسەمەرەوناعەدالەتیەکانی ڕۆژگار ئەکا، لەسەر هەمان ئاواز ونەفەسە شیعرییەکەی ئەم قەسیدەیە منیش دوای شەکر شکاندنەکانی مەلایەکی جاهیلی هەولێری بە ناوی (مەلا عەبدولخاقی مزگەوتی ڕووناکی) ئەم ناونیشانەی سەرەوەم لا دروست بوو، ، ناعەدالەتی بەرادەیەك بڵێن هەولێری شەهید عەبدولخالق مەعروف هەولێری مەلا عەبدولخالقیشە! عەبدولخالقی زانا و ڕووناکبیرو کوردپەروەر وتێکۆشەر وپێشکەوتووخواز ومەلا عەبدولخالقێکی فکر رزیو و ژەنگاوی!!، عەبدولخالق مەعروفێك کە بە دەستی بەعس و بە دەسیسەی ئەم جۆرە مەلایانە شەهید بکرێ، چۆن هەولێر هی تاوانبارێشە و هی قوربانیەکەش؟!

داخەکەم بۆ هەندێ گەنجی هەولێر کە بە هەندێ قسەی پڕوپوچ هەڵەخەڵتێن کە ئەم قسانە لە زەمەنی پێغەمبەریش کەس نەیدەتوانی بەم جۆرە خەڵك فریوبدا!! ئێستا نەك باوەڕی پێبکەن بگرە بۆشی بگرین!!! هوتافیشی بۆ بکێشن!

حەیف... بۆ ئەو گەنجانەی لەم سەردەمەماندا کە کیبۆردی کۆمپیوتەر چاوەڕێی پەنجەکانیان ئەکا، وا خۆیان لاتەریك بکەن وبچنەوە زەمەنەکانی کە ئایدیۆلۆژیای رزیو و ژەنگاوی باڵی بەسەردا کێشابوو!

حەیف و مخابن... لە جیاتی ئەوەی ئەم گەنجانە (هەرچەندە کەمیش بن) هەر یەکەی لە بوارێکی جیادا داهێنان بکەن و سەری میللەتەکەیان بەرز بکەنەوە و بیسەلمێنن بۆ دونیا کە کوردیش لە گۆرانکاری و پێشکەوتنەکان بە جێ نەماوە، بە پێچەوانەوە بە حۆقەی گریانی بەردەم میحرابەکەی ملاعەبدولخالق وا بکەن دونیا پێمان پێبکەنێ!!

بەراستی ڕۆژگارێکی سەیرە هەولێرەکەم!!

تۆ خاوەنی دەیان و سەدان تێکۆشەر وزانا و ڕووناکبیر و کەسایەتیت و سەرۆکی پەرلەمانەکەی ئێستاشت هەر ڕۆڵی تۆیە، کەچی ئەم مەلایەشت هەیە؟!

بۆ دڵدانەوەی خۆمان خۆ زۆر نمونەش هەن بۆ ئەوەی تۆزێك لە ئازاری ئەم خەفەت و کەسەرەی هەولێر کەم بکاتەوە:

عێراق... عێراقی فەهدی کۆمۆنیست و داهێنەری بیری چەپە لە عێراق، بەڵام گەر بڵێن عێراقی فەهد ئەبێ بشڵێن عێراقی موقتەدا سەدروئەبو عومەر بەغدادیشە!!

لوبنان... لوبنانی ڕەفیق حەریرییە و، لوبنانی حەسەن نەسروڵاشە!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لوبنانی نانسی عەجرەم و نەسرولاّشە!!
میسر... میسری جەمال عەبدولناسرەومیسری سەید قوتبیشە!!
میسری... میسری عادل ئیمام و یوسراولیلاعەلەوییەو، میسری ئەیمەن زەواهیریشە!!
فەڵەستین فەڵستینی ئیسماعیل هەنییەیە و فەڵستینی ئەبو مازنیشە!!
بەخوا کوردستانە نازدارە شێواوەکەم تۆش نازانم بڵێم هی کێیت؟؟!! سەرم لێ شێواوە هی چەند جۆر و چەند شێوەو چەند سەروسیمایت؟!!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.